# گرفتەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنیت لەلای خوێندکارانی دوا قۆناغی زانکۆی کۆیە

م.ی ئالان صلاح سعدی

10/5/2018

زانکۆی کۆیە - فاکەڵتی پەروەردە – بەشی باخچەی ساوایان

# یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

- سەردەمی ئێستا بە سەردەمی گەشەسەندنی بواری تەکنەلۆژی هەژماردەکرێت، کە گۆڕانکاری بەدوای خۆیدا هێنا لە بوارەکانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە سەرانسەری جیهاندا، داهێنراوەکانیش کە دەرئەنجامی ئەو گەشەسەندنانەیە بەجۆرێك رووله زیادبوونه کە زۆرینە دەتوانن کەم و زۆر بەکاریان بهێنن و دواجار لە ئەنجامی بەکارهێنانیشەوە کاربکاتە سەر تاکەکانی کۆمەڵگا و رەنگ بداتەوە لەسەر رەفتار و پەیوەندی نێوان تاکەکان و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان.

# دووەم: گرنگیی توێژینەوەکە

- بە پێی روپێویکردنی ساڵانەی Global Internet Report لە مانگی ئاياری 2015 بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە رێگەی مۆبایلەوە گەیشتە 3 بلیۆن بەکارهێنەر (www.internetsociety.org), گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە باس لە ئینتەرنێت دەکات کە ئەو ژمارە بەرچاوەی بەکارهێنەری لە جیهاندا هەیە, هەروەها باسیش لەو گرفتانە دەکات کە لە دەرئەنجامی بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە دروست دەبێت وەك دیاردەیەکی هەنووکەیی رۆژ

- سێیەم: گرفتەکانی دەرئەنجامی بەکارهینانی ئینتەرنیت:
- دەکرێ بلێین (تەکنۆلۆژیا بە شێوەیەکی گشتی خاوەن دوو جەمسەر و پەیامی سەرەکین لە کۆمەڵگادا, جەمسەرێکیان پۆزەتیڤە بریتییە لەو سوود و کاریگەری و دەرئەنجامە باشانەی کە لەم ئامرازانە دەکەوێتەوە لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان, بەلام جەمسەری دووەم ئاماژەیە بۆ ئەو زەرەر و زیان و دەرئەنجامە نێگێتیڤانەی کە لە ئەنجامی بەکارهێنانیان دەکەوێتەوە بۆتە مایەی سەرهەڵدانی کێشەو دیاردە گەلێکی نێگەتیڤ لە ناو کۆمەڵگا ,ئامرازەکانی تەکنۆلۆژیای پەیوەندی و زانیاریش بەدەرنییە لەم هاوکێشەیە چونکە سودو زیانەکانی بۆتە راستیەکی هەست پێکراوو, بە تایبەتی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانەی کە لە ئەنجامی خراپ بە کارهێنانی ئەم ئامرازانەوە دەکەوێتەوە) .

- ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە
- لەم بەشەدا توێژەر ئەو هەنگاوە ڕێکاریانە دەخاتە ڕوو کە لەم توێژینەوەدا ئەنجامدراوە، ئەوەی شایەنی باسە میتۆدی توێژینەوەکە میتۆدی ( وەسفیە ) و سەبارەت بە کۆمەڵگا و سامپڵ و ئامرازی پێوانەکردن و ئامرازە ئامارییەکان بەو شێوەیەی خوارەوەیە:
- یەکەم : کۆمەڵگای توێژینەوەکە:
- کۆمەڵگای توێژینەوە بریتیە لە سەرجەم خوێندکارانی دوا قۆناغی زانکۆی کۆیە( دەوامی بەیانیان)، چونکە توێژەران پێیان وایە کە خوێندکارانی دوا قۆناغ، لە ئاستێکی ئەکادیمی باشدان تا گوزارشت لە ڕاو بۆچونی خۆیان بکەن کە کۆی گشتییان بریتی بوو لە ( 1049 ) خوێندکار ,کە ( 518 ) نێر بوون و ( 531) یان مێ بوون هەر وەك لە خشتەی ژمارە (1) ڕونکراوەتەوە .

- **پێنجەم : ئامرازە ئامارییەکان:**
- بە مەبەستی شیکردنەوەی ( داتاکان ) توێژەر سوودی لە پرۆگرامی ( هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان ) ناسراو بە (SPSS) وەرگرت لە بەکارهێنانی چەند هاوکێشەیەکی ئاماری وەك:-
- 1. هاوکێشەی پیرسۆن (Person) و هاوکێشەی ( Sperman ) ( Brawn) بەکارهێنرا بۆ دەستنیشانکردنی جێگیری پێوانە بە رێگای کەرتکردنی پێوانەکە .
- 2. هاوکێشەی (One- Sample – T.test) تی تێستی یەك گروپ بۆ بەراوردکردنی ( تێکرای گشتی خوێندکاران ) و ( تێکرای پێوەری پێوانەکە ) بە مەبەستی ئاشکرا کردنی ئاستی بوونی گرفتەکان بە شێوەیەکی گشتی لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە لای خوێندکاران .
- 3. تێکرای یەکلاکەرەوە و رێژەی سەدی بۆ دەستنیشانکردنی ریزبەندی گرفتەکان بەپێی ناوەرۆکی هەر برگەیەك لە برگەکان

## ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و شیکردنەوەیان

- لەم بەشەدا توێژەر هەڵدەستێت بە خستنە ڕوویی ئەنجامەکان بە پێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە و هەر وەك لەخوارەوە هاتووە :-
- یەکەم : سەبارەت بە ئامانجی یەکەم کە بریتی بوو لە وەلآمدانەوەی پرسیارێك کە دەڵێت (ئایا خوێندکارانی دوا قۆناغ گرفتیان هەیە لە بەکارهینانی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی گشتی ؟ ) و دوای بە راوردکردنی لە گەڵ تێکرای پێوەری پێوانەکە (المتوسگ المعیاری للمقیاس ) کە بریتی بوو لە (43,20) و بە بەکارهێهانی (One – sample T-test) بۆ بەراوردکردنی تێکرای خوێندکاران و تێکرای پێوەری پێوانە دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە ئاستی بەڵگەداری (0,05) واتە خوێندکاران بە شێوەیەکی گشتی پێیان وایە کە گرفت هەیە لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە لایەن خوێندکارانەوە , هەر وەك لە خشتەی ژمارە (5) ڕونکراوەتەوە.

- **یەکەم : راسپاردەکان:**
- 1. پێشکەشکردنی چەند سیمنارێك لەلایەن مامۆستایانی زانکۆ سەبارەت بە لایەنە باش و خراپەکانی بە کارهێنانی ئینتەرنێت.
- 2. بنیاتنانی سیکتەرێکی تایبەت بە چارەسەرکردنی گرفتی خوێندکاران و رێنماییکردنی خوێندکارانی زانکۆ لە کاتی بوونی کێشەو گرفتەکان کە رووبەرووی خوێندکاران دەبێتەوە .
- **دووەم : پێشنیازەکان**
- 1. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاو شێوە بۆ زانینی ئاستی ئالودوبوون بە تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە.
- 2. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاو شێوە لەسەر سامپڵێکی گەورەتر لە زانکۆکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان و بەراوردکردنی گرفتەکان لە زانکۆکان.
- 3. ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بۆ بەراوردکردنی گرفتەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە نێو توێژە جیا جیاکانی کۆمەڵگا.

سوپاس بۆ ئامادەبوونتان